www.kurdistannet.org

8:23 16-10-2006بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## سلێمانی باشترین جێگەیە بۆ کرێکارە عەرەب و ئێزدییەکان ... راپۆرت: ستیڤان شەمزینانی



دوای پرۆسەی ئازادیی عێراق، جوڵانەوەیەك لەبواری ئاوەدانکردنەوە و بونیادنانەوە لەبواری بیناسازیدا ڕوویداوە، کە ئەمەش کاری کردۆتە سەر وەگەڕ کەوتنەوەی جوڵەی کار بۆئەم مەبەستەش پێویستمان بەهێزی کاری زیاتر بووە وەك لەوەی لەسنووری کوردستاندا هەیە.

ئێستا سەدان و بگرە هەزاران کرێکاری عەرەب لەشارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراقەوە ڕوویانکردۆتە کوردستان بۆ کارکردن، شاری سلێمانی یەکێکەو لەو شارانەی بەشی زۆری ئەو کرێکارانە. ڕوویان تێکردووە، گەر دەمی ئێواران سەیرێکی لای مزگەوتی گەورەی شاری سلێمانی بکەین بەدەیان و سەدان لەو کرێکارانەمان بەرچاو دەکەوی کە بەشێکی زۆریشیان شەوانە هەرلەوی دەخەون چونکە نێزیکە لەمەیدانی کرێکارانی شاری سلێمانییەوە.

زۆربەی هەرەزۆری ئەو کرێکارانە لەبەرخراپی بارودۆخی باری ئەمنی لەشارەکانی تری عێراق هاتوونەتە کوردستان تابتوانن بژێوی ژیانی خۆیان پەیدابکەن.

لەنێو ئەو کرێکارانەشدا دەیان کرێکاری کوردی ئێزدیمان بەرچاو دەکەوی کە لەشارەکانی شەنگال و شێخان و بەردەڕەش و دەوروبەری شاری موسڵەوە هاتوون. دەمەو ئێوارەیەکی باراناویی چووینە لای ئەم کرێکارانە تا لەنزیکەوە بیاندوێنین و لەبارەی کێشەو موعاناتی خۆیانەوە دەردەدڵی خۆیان هەڵبڕێژن.

حسێن عەبدولمەجید کرێکارێکی عەرەبی خەڵکی شاری بەغدادەو دەڵێ: من ماوەی چوار مانگ و نیوە زیاترە لەکوردستانم و کرێکاریی بیناسازیم و ڕۆژانە کارم هەیە و لەخواش بەزیادبی لێرە کار هەیە بەهۆی ئەوەی باری ئەمنی جێگیرە، من خۆم هەر لە بەغداد کرێکاری بیناسازیی بووم بەڵام بەهۆی ئەوەی ئێستا لەبەغداد باری ئاسایش بەهۆی تیرۆریستەکانەوە خراپ بووە نەك هەر کار نییە بەڵکو کەس هەر ناوێری بەیانی زوو لەماڵ بێتە دەرەوە، چەندان جاریش لەمەیدانی کرێکاران و شوێنی کاری

کرێکاران لەبەغداد تەقینەوە ڕوویداوە بۆیە ئێرە باشترە و سوپاس بۆخوا کار لێرە زۆرباشە و ئێمەش لەمە سوودمەندبووین.

سەبارەت بەوەی ئایا مامەڵەی وەستاو مقاولە کوردەکان چۆنە لەگەڵیان و چۆن سەیریان دەکەن.

سامی محەمەد-خەڵکی بەغداد وتی: لەمامەڵەو ڕەفتاری وەستاو خاوەن کارە کوردەکان ڕازیم و بەڕێزەوە تەماشامان دەکەن و تا ئێستا هیچ ڕەفتارێکی نەشیاوو ناشایستەم لی نەدیوون. بەڕاستی خەڵکی کورد زۆر خەڵکێکی باش و ڕاستگۆن و ڕێزی خەڵکی غەریب دەگرن، بەویژدانەوە دەیڵێم هەست بەوەناکەم کە لەبەرئەوەی عەرەبم جیاوازیم دەکەن منیش زۆر سوپاسیان دەکەم.

حازم-کرێکارێکی تری عەرەبی خەڵکی شاری موسڵە دەڵی: خاوەنکارە کوردەکان زۆر بەڕێزن و ڕێزێکی زۆرمان لێدەگرن، ساڵێکە لەسلێمانی کاردەکەم تا ئەمرۆ کەسێك نەبووە شتێکی ناشیرین بەرامبەرم بکات نە لەسەرکار نە لەبازاڕ نەلە چێشتخانە نە لە چایخانە نەهیچ شوێنێکی تر. بەپێچەوانەوە زیاتر ڕێز لەئێمە دەگرن و دەزانن خەڵکی ئێرە نین و غەریبین، من خۆم بەقەرزاری خەڵکی شاریسلێمانی دەزانم و قەت ئەم مامەڵەیەی خەڵکی کوردم لەبیرناچێتەوە.

سەعد شێخۆ-کرێکارێکی کوردی ئێزدییە و لەقەزای شێخانەوە هاتۆتە سلێمانی وتی: خۆم کوردم بۆیە خۆم بەنامۆ نازانم لێرە، بەڵام زمانەکەمان جیاوازە بۆیە تۆزێك کێشەمان بۆدروست بووە. مامەڵەی وەستاو خاوەنکارەکان زۆرباشە، هیچ کاتی کاری زیادەو زیاد لەپێویستمان پی ناکەن چونکە خەڵکی ئێرەنین، بەڵام خۆی کاری کرێکاریی زۆر ناخۆشەو بۆهەموو کەسێك نارەحەتە نەك هەر بۆ ئێمە، یەکجار نارەحەت بووم جارێك لە ماڵێك کارمان دەکرد دوای ئەوەی خواردنی بۆ هێنابن و زانی ئێم ئێزدین قاپ و کەوچکەکانیان کردە تەنەکەی خۆڵەوە، بۆیە ئێمەش ڕۆژی دوایی نەچووینەوە بۆ کارەکە و چوینە شوێنێکی تر بۆکارکردن.

زۆرجار بیستبووم کرێکارانی کورد لەدەرەوەی وڵات بە هەقدەستی کەمتر کاردەکەن لە کارگەکاندا منیش ویستم ئەو پرسیارە لەکرێکارەکان بکەم ئایا ئێوە بەکەمتر کاردەکەن لەکرێکارانی کورد یان نا؟ ئەگەر بەکەمتر کاردەکەن ئایا بەویستی خۆتانە یان جۆرێکە لە ئیستغلال کردنتان؟

عەلی- کرێکاری عەرەبی شیعەیە وتی: ئێمە خۆمان بە کەمتر کار ناکەین بەڵکو دەڵێن دەبی بەهەرزانتر کاربکەن ئێمە ناچارین بیکەین، ئەگەر نەیکەین کارمان پێناکەن بژێویمان ناڕوات، داوادەکەم لەئێوە بنووسن لەسەری و هەقە وەك خۆی کرێمان بدرێتی و ئیستغلال نەکرێین چونکە بەڕاستی زۆر سەختە.

قوسەی جابر- کرێکاریی تری عەرەبەو دەڵی: بەڕاستی ئێمە خۆمان کارەکەمان هەرزان کردووە چونکە ئێمە دەمانەوی کاربکەین گوێمان لێی نییە بەچەند کاردەکەین چونکە ئەو بڕە پارەیەی وەریدەگرین بۆئەوی و کەسوکارەکانمان زۆرە، ڕەوشی ئابوریی لە بەغداد و شارەکانی تری باشور بۆ زۆربەی هاوڵاتیان خراپە، بۆیە ئێمە گوێمان لەوبڕە جیاوازییە پارەیە نییە، هەرچەند حەزمان دەکرد بەکەمتر لەمەش لەشوێنی خۆمان کارمان بکردایە. ئەمجارەیان پرسیمان داخۆ نێوانیان چۆنە لەگەڵ کرێکارانی کورد و هاوڵاتیانی ئاسایی شاری سلێمانی بەتایبەتی چەندجار شەڕ لەنێوانیان لەسەر کار ڕوویداوە؟

جەمیل-بەدەم جگەرەکێشانەوە وتی: تا ئێستا تووشی شەڕنەبووم، من کابرایەکی کاسبم و بۆ کارکردن ڕوومکردۆتە ئەمشارە نەك بۆ شەڕکردن، بەڵی شەڕ ڕوویداوە بەڵام ئەوە هیچ نەبووە و گەورە نەبووە، شەر تاوانی یەك لا نییە بەڵکو تاوانی هەردوولایە، دەڵێی چی خەڵکی هەژار وایە لەپێناوی ژیاندا دەبی شەڕی دەستەویەخەش بکات، هاوڵاتیان بەگشتی ڕێزمان لێدەگرن یان هەر هیچ نەبی پەیوەندییان پێمانەوە نییە، هەندی جار شەر لەنێوان ئێمەو کرێکارە کوردەکان ڕوویداوە هەروەك چۆن لەنێوان خۆشماندا هەر شەڕمان بووە.

خالد حەبیب-دەڵی: شەش مانگە لێرە کاردەم تەنیا یەکجار دیومە شەڕ لەنێوان ئێمەو کرێکارە کوردەکان ڕوویدا بی، سوپاس بۆخوای مەزن شەڕی گەورە نەبووە و کەسیش ئازارێکی ئەوتۆی پێنەگەیشتووە، ئەو شەرانەش هەردەبی لەنێوان خەڵکدا ئەوە پەیوەندیی بەکوردو عەرەبەوە نییە، من ڕێزی گەورەم بۆ برا کوردەکان هەیەو لەناسریە دوو ساڵان دراوسێی کوردبووم.

ئەوجارەش کە شەڕەکە ڕوویدا پۆلیس زۆر بێلایەنانە هاتەناوەوەو وەزعەکەی ئاسایی کردەوە بەڕاستی هەڵوێستەکەیان زۆر جوان و بەڕێزانە بوو.

کامێران- کرێکارێکی کوردی ئێزدییە دەڵی: هەندێجار شەڕ لەنێوان کرێکارەکاندا ڕوو دەدات بەڵام ئەوە لەسەر کارە نەك لەسەر شتی تر، جارێك کرێکارانی سلێمانی شەڕیان لەگەڵ کرێکارە عەرەبەکاندا کرد کەچی بەداخەوە پەلاماری ئێمەشیان دا لەکاتێکدا ئێمە کوردین و خەڵکی کوردستان نین و هەر لەوڵاتی خۆماندایین. دواتر هەوڵماندا هاوڵاتیانی شاری سلێمانی بدوێنین تا بزانین ئەوان ڕایان چییە لەسەربوونی ئەو ژمارە زۆرەی کرێکاری عەرەب لەکوردستان ئەوانیش بەمجۆرە هاتنە وەڵام.

شەماڵ جەمال-دەڵی: ئاساییە، قەیدی چییە ئەو خەڵکە هەژارە لێرە کاربکەن، با وەهای دابنێین وەك چۆن کوردەکانی خۆمان دەچنە هەندەران نەك هەرکاریان دەدرێتی بەڵکو ژیانیان بۆ مسۆگەر دەکری ئەمانیش بەو جۆرەن، بەلای منەوە ئاساییە دە ئەوەندەی تر کرێکاری عەرەب بێنە کوردستان نەك ئەوەی ئێستا هەیە.

سدیق کەریم-دەڵی: وەڵڵا حەز ناکەم یەك عەرەب لەکوردستان کاربکات، کاکە بڕۆ بۆ بەغداد هەر بزانن کوردی سەرتدەبڕن، کەچی ئەمانە هاتوون لێرە بەئارەزووی خۆیان بەشارەکەماندا دەگەڕێن، و سەرەڕای ئەوەش ئێرەیان کردووە بەشوێنی کاسبی خۆیان من پێم باشە خەڵك کار بەو کرێکارە کوردە یەزیدیانە بکەن نەك عەرەبەکان، لەبیرمان چۆیەوە عەرەب چی پێکردین؟.

سۆران عەزیز- وتی: ئەو کرێکارە عەرەبانەی هاتوون بۆ کوردستان هەمووی فەقیرو هەژارن گەر تاوانبار بوونایە خۆیان نەیاندەوێرا بێنە کوردستان. خۆ ئەوانە عەلی کیمیایی و تاریق عەزیز نین تا دوژمنایەتیان بکەین و حەرامی بکەین لەسەریان پی بنێنە کوردستان.



ئەمرۆ وڵاتەکەمان لەسەردەختی بوژانەوەیە بۆیە پێویستی بەهێزی کار هەیە ئەمانیش بەشێکن لەهێزی کار بۆیە بەخێربێن سەرچاو، بەڵام شتێکی تر هەیە با لەیادی نەکەین ئەویش ئەوەیە دەبی وریا بین بەناوی کرێکارەوە تیرۆریست و کەسی گێرە شێوێن خۆیان نەخزێننە ناومانەوە و کارە چەپەڵەکانیان بەئەنجام بگەیەنن.

ئەنجامی ئەم ڕاپۆرتە ئەوەیە:

لەبەرهەبوونی ئاسایش و ئارامیی لەکوردستان و پێچەوانەکەی لە شارەکانی تری عێراق رۆژ بەرۆژ کرێکاران لەناوچە جیاجیاکانی تری عێراقەوە بۆ کارکردن. دێنە کوردستان، لێرەش تەنیا چانسی کرێکاریی بیناسازیی و هاوشێوەکانیان هەیە، هاتنی ئەم ژمارە کرێکارە عەرەبانەش بەلای هەندێك لەخەڵکی شارەکانی کوردستانە وە حاڵەتێکی ئاساییە و بەپێچەوانەشەوە لای هەندێك ئاسایی نییەو حەزەریان لێدەکەن.

Shamzini79@hotmail. com